کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-7-2007 16:47

## کی لە کوژرانی رەیان بەرپرسیارە دەسەلات یا کۆمەڵگا؟ ... خەلیل پالانی

تا ئەو ساتە لێکۆڵینەوە لە دۆزینەوەی بکوژانی (رەیان) ی تەمەن هەشت بەهاری بەردەوامە و هەروەك لێکۆڵینەوە لەسەر ئاشکراکردنی ئەو تاقمە تیرۆریستییەی تەقینەوەکەی مەخمووریان ئەنجامدا بەردەوامە و تا ئێستا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرا نەکراوە، هەڵبەتە تەقینەوەکە کارەساتێکی دڵتەزێن بوو لە دیرۆکی پڕ لە نەهامەتی و چەرمەسەری دەڤەری مەخموور تۆمارکرا، لی ئەگەر کوشتنی منالێکی هەشت سالەی بێتاوانی وەك رەیان کارەساتێکی گەورەتر نەبی بە کەمتری نابینم، کە دوور لە بەهاکانی مرۆڤایەتی ئەو تاوانە نامۆیە ئەنجامدراو بوو بە پەڵەیەکی رەش بە نێوچەوانی ئەو دەڤەرەوە، ئێمەش خەڵکی ئەو دەڤەرە لە بچووکەوە تا گەورە بەشێکی تاوانەکە دەکەوێتە ئەستۆمانەوەو لێی بەدەر نین، هەروەها بەشەکەی تریشی دەکەوێتە ئۆباڵی ئیدارەی ناوچەکە... !، چۆن.. ؟، لەوانەیە پرسیار بکری چۆن و لەبەرچی. ؟!



لێرەدا هەوڵدەدەم وەلامی ئەو پرسیارە بدەمەوەو راستییەکەی روون بکەمەوە کە مەبەستی سەرەکی نووسینەکەمە و بۆ رای گشتی و خەڵکی دەڤەرەکەو دەسەلاتدارانی ئیدارەی ناوچەکە دەیخەمە روو.

هەر چەندە پێشینان وتوویانە تفی سەر هەوراز بەرووی خۆماندا دەکەوێتەوە، ئەگەرچی داننان بەراستییەکانیش حیکمەتە و ئاماژە پێکردنیشی بە مەبەست چاککردنەوەو بنەبڕکردنی ئەو دیاردە دزێوانەیە کە هۆکاری سەرەکین بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە کارەساتانە دڵتەزێنانە.

لە سەردەمی رژێمی بەعسی رووخاو دیاردەیەك هەبوو کە ببوە نازناوێك بۆ ناساندنی خەڵکی ناوچەکە ئەمیش (خەبەرلێدان) (لەگەڵ رێزم بۆ خەڵکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەری ناوچەکە)، هەڵبەت لە پاڵ ئەوەش دیاردەیەکی باشیش هەبوو کە تا ئێستاش بەردەوامە، ئەویش (قەبرلێدان)، واتا ئەم دوو دیاردە هەبوو (خەبەرلێدان و قەبرلێدان)، ئەگەرچی ئێستا دیاردەیەکی ترسناك و دوور لە شارستانی لە ناوچەکە و کوردستانیش سەری هەڵداوەو بۆتە مۆتەکە، هەڵبەت ئەویش هەڵبەستنی قسە و قسەلۆکی بی بنەما و دوور لەراستی و بی بەڵگەیە کە بووەتە پیشەی رۆژانەی خەڵکێکی زۆری ئەودەڤەرەو کوردستانیش بەگشتی. هەر کاتێك پۆلیس بە گومان یەکێك دەستگیر بکات ئەوا بەر لەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکرێت و تاوانەکەی بەسەردا بسەپێت، ئەوا بی یەك و دوو گوێت لە هەزاران لێکدانەوە و قسەی هەڵبەستراو و دوور لەراستی نێو کۆڵانەکان و بازاڕ و شەقام و تادەگاتە دانیشتنی بەردەرگای ژنانیش دەبێت، وای لێدێت ئەگەر گومانلێکراوەکە لە لێکۆڵینەوەدا بێتاوانیش دەربچێت و ئازادیش بکرێت ئیتر ئەم قسە هەڵبەستراوانە بۆ ئەو بۆتە باکگراوندێك نەرێنی لە سەر کەسایەتیی و ئیتر نەتوانی لە ناوچەکەی خۆی بەردەوامی بە ژیانی بدات و بە ناچاری روو بکاتە شوێنێکی تر. ماوەیەك لەمەو بەر برادەرێك بەهۆی کاری بازرگانییەوە چەند رۆژێك لە سووریا مایەوە هەزاران قسەی بۆ هەڵبەسترا، هێندەی نەمابوو بخرێتە نێو لیستی تیرۆریستانەوە، دواتر کە گەڕایەوە ناوچەکە قسەو قسەلۆکە بی بنەماکانی خەڵك لە شوێنی خۆی بوچ بویەوە.

دیارە کە گومانلێکراو بێتاوانە تا تاوانەکەی لەسەر دەچەسپی، ئەگەرچی قسە و قسەلۆکی خەڵك بی بەزەییانە بڕیاڕی لەسەر دەدات و هەندی جاریش سزای لە سیدارەدانی بۆ دەردەکات.

وێڕای ئەوەی تا ئیستا لێکۆڵینەوە بەردەوامە لەگەڵ باوکی رەیان کە بەگومانی پەیوەندی بوونی بەتەقینەوەکەی مەخموور دەستگیر کراوە، لی لە تەواوی ئەو دەڤەرە و بە هۆی قسە هەڵبەستراوەکانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-7-2007 16:47

خەڵك و بە بڕیاری سەرشەقام و بی بنەماوە حوکمی تیرۆریستیان بۆ داوە، کە لەوانەیە ئەمەش پەیوەندی هەبی بە کوشتنی (ڕەیان) ی بی تاوان. هەرچەندە لێکۆڵینەوەکانیش تائێستا نەگەیشتوونەتە ئەوەی کە بسەلمێنری سەد دەرسەد ئەو تاوانە لەلایەن کەس و کاری شەهیدەکانی تەقینەوەکە ئەنجام درابێت، لی دوای دەستگیرکردنی کەس و کاری هەندی لە شەهیدەکانی تەقینەوەکەی مەخموور بە هۆی هەبوونی گومان لەسەریان، ئیتر ئەمجارەیان قسەو قسەلۆك ڕووی لەمان کردووەو کەسێك دووان تاوانبار دەکرێن بە کوشتنی ڕەیان بەر لەوەی لێکۆڵینەوە لەم ڕووداوە تەواو بووبی.
ئەوەی پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی ناوچەکەشەوە هەبێت لە بەرپرسیار بوونیان لە کوژرانی ڕەیان، دەبوا زووتر هەوڵبدرایە بۆ پاراستنی ژیانی ئەو بنەماڵە تا لێکۆڵینەوە لەسەر تەقینەوەکەی مەخموور تەواو دەبوو و ئەنجامدەرانیش یاسا بە سزای دادپەروەرانەی خۆی دەگەیاندن، ئاخر ستەمە لە وڵاتێك کە بانگەشەی سەروەرێتی یاسا دەکرێت کەسێك بێت لە پاڵ سەروەرێتی یاساوە بڕیار لەسەر کوشتنی منالێك بدات بەمەبەستی تۆڵە سەندنەوە و حکومەتیش بە تەواوی دەزگاکانییەوە ئەم فاولە بەسەریاندا تێپەڕێت.
کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە هەمووان بەرپرسیارین لەئاست کوشتنی ڕەیان بە گەورەو بچووکەوە، بە مەدەنی و پۆلیس و ئاسایش و... تد، هەمووومان پشکێکمان لەو تاوانە بەر دەکەوێت هەرچی خەڵکە بەهۆی قسە و قسەلۆکە بی بنەما و دوور لە ڕاستی و بەڵگەوە، هەرچی دەسەڵات و ئیدارەی ناوچەکەشە بە هۆی پارێزگاری نەکردن لە ژیانی ئەو بنەماڵە فەرامۆشکردنی کارەکەیەوە، هەرچی بکوژانیشی بەهۆی سەرپێچی کردنی یاسا و نەبوونی گیانی مرۆڤایەتی لە جەستەیاندا، کەواتە پێویستە هەموو ڕێوشونێك بگیرێتە بەر بۆ ئاشکراکردنی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە لە لایەن دەزگا پەیوەندارەکان و هەرکەسێکیش زانیارییەکی لەسەر ئەو ڕووداوە لابوو ئەوا نەیشارێتەوەو بە زووترین کات لایەنی پەیوەندیداری لی ئاگادار بکاتەوە تا ئەنجامدەرانی ئەم کارە نامرۆڤانەیە ئاشکرا بکرێن و بە سزای خۆیان بگەیەنرێن، ئابەم شێوە ڕۆحی ڕەیانی پەپولەیی شاد دەبێت و لێماندەبووری.

perwerpalani@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.